ووتمان: تۆ سەیدی (گەورەی) ئێمەیت، ئەویش فەرمووی: «سەید (گەورە) اللە یە»

لە عبداللە کوڕی شیخیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: دەرچووم لەگەڵ شاندێك لە بەنی عامیر بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلی اللە علیە وسلم-، ووتمان: تۆ سەیدی (گەورەی) ئێمەیت، ئەویش فەرمووی: «سەید (گەورە) اللە یە». ووتمان: باشترینی ئێمەی لە چاکەدا، وگەورەترین دەسەڵاتت هەیە لەنێوماندا، فەرمووی: ««وتەی ئاسایی بڵێن (واز بهێنن لە زیادەڕەوی کردن)، وبا شەیتان بەکارتان نەهێنێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(أبو داود وأحمد) ڕیوایەتیان کردووە]

کۆمەڵێك هاتن بۆ لای پێغەمبەر -صلی اللە علیە وسلم-، کاتێك گەیشتنە لای -وەسفیان کرد- وهەندێك ڕستەیان ووت کە حەزی پێنەکرد -صلی اللە علیە وسلم-، ووتیان: (تۆ گەورەی -سەیدی- ئێمەیت)، پێغەمبەر -صلی اللە علیە وسلم- فەرمووی: (گەورە -سەید- اللە یە)؛ خاوەن مەزنێتی ودەسەڵاتی تەواوە بەسەر خوڵقێنراوەکانی وئەوانیش بەندەی اللە ن. ووتیان: (باشترینی ئێمەی لە چاکەدا)؛ وبەرزترین پلە وشەرەفمەندی وسیفەتت هەیە. و(گەورەترین دەسەڵاتت هەیە لەنێوماندا)؛ ولە هەموومان بەخشندەتر وبەرز وبڵندتری. پاشان پێغەمبەر -صلی اللە علیە وسلم- ڕێنمونی کردن بۆ ئەوەی قسەیەکی ئاسایی بڵێن وزیادەڕەوی نەکەن لە قسەکانیان، وڕێگە نەدەن شەیتان بەرەو زیادەڕەوەیان ببات لە وەسفکردن وستایشدا چونکە لەوەیە ئەمە ڕێگا بێت بۆ تووشبوون بەوەی حەرامکراوە لە شیرك وهۆکارەکانی.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3389